# تۆخۆت بریار بدە... تکایە ئەم بابەتە بەعسی وجاش بۆیان نیە بیخوێننەوە... ئامانج عەبدوڵا سوور

ئەو رووداوانەی پراوپرن لەگەنەڵی ولێوان لێون لەفرسەتی جاش پیاوان هەمیشە ئەوەندە زەقن پێویست ناکات هیچی لەسەر بڵێی گەرپێنوس رۆڵی کامێرای فۆتۆ گرافی بینی ئیدی بینەر وخوێنەر بەپێوانی ویژدان و ئاستی بەهای نەتەوەییان خۆیان بریار ئەدەن دەسەڵاتدارانی ئەم وولاتە رێك وەك چیرۆكی (دەریا پیرەكەی) هەمنگوایان لی بەسەرهاتووە هەموو رۆژی چاوەرێن تیمساحی لەبەلوعای ماڵەكەیان بێتە دەرەوە، رەوایە دیوێكی قێزەون ونەفرەتكراو بخەینە روو ئاخر ئێمە دوژمنی دەسەڵاتی خۆمان نین بەلام مەرجی خەبات كەلەهەموو دنیادا باری نەتەوەیی بوون بی لەم دەقەرەدا شتی ترە دواندن لەسەر مەسەلەی نەتەوەیی ئەكی هەنوكەیی هەموانە ئیدی من گوی بە قسەی كاڵفام وگێل وكۆنە بەعسی وخێڵی جاشان نادەم ئەوان هێندەی خانمی زێبا بوونیان نیە هەر نیە ئەو هەلەكەسەمایەكی كردووە ئەوان دەستیان بەتاڵ ولوتیان شكاوو رابردوویان تەڵخە بۆیە گەر دەروێشی كەسێك نەبن خۆیان بە گەلای دارەزرەكەی دا هەڵنەواسن ئەوا بی گومان لی بوونەتەوە، وا لای خوارەوە ئەوەندەی پێم بكری هەندێ لەدیاردەكان ئەخەینە روو:

1- لەم شارەدا مردوو بەشی زیندووئەخوات شار هەمووی كارەبای نیە سەرقەبران چراخانە...

2- لەدۆسیەی كەركوك دا شار لەدڵی كوردستانەوە كرا بە شاری برایەتی وپێكەوەژیان وبرۆكسل.. !!

3- هەرچی بریاری ئیمتیازات وپابەندە بەرهەرزاهنی بازارەوە قەسەیەوقسەش ناچێتە ناوگیرفانەوە لی كەبەنزین وسوتەمەنی ئەمشەوبریاری زیادبوونی نرخی بۆ دەرئەچی سبەی زیاد لەپێویست نرخی بەرزئەبێتەوە!!كەبەنزینخانەكانیش بۆقەتریەك بەنزین تینون لەسەر شەقامەكان بەنزین وەك خۆڵە بەلام بەنرخی گران دەنگ وباس وایە لەم تەلەزگانەدا خاوەنی بەنزینخانەكان خانوو ئەكرن!!

4- پزیشكی كورد كەمترین موچە وەرئەگری كەلەئاستی توانایی دا نیە كەچی موقیمێكی پێپەتی دزداشە لەبەری خورماخۆرەی عارەب كە دێنە سلێمانی خاونیان بەكری بۆئەگیری وئیمتیازیان ئەگاتە ئاستی بەرێوەبەر، كەلەئاستی زانستیاندا ناگەنە قولە پێی پزیشكانی خۆمان!!!دەسەڵات كی ناڵی بیگانە پەرست نیە..

5- بەرێوەبەری تەلەفزیۆنێك لەهەولێر هەربۆئەوەی گەشتێك بۆ دەرەوەی وولات بكات خۆی بەوێنەگری تەلەفزیۆنی نوسیوە...

6- نەخۆشخانەی كێوە رەش مەترسیدارترین ناوەندی پزیشكیە گوایە ئەگەر وابی نەخۆشی ئینفلۆنزای باڵندە لەوێوە رەوانەی سلێمانی كرا بۆتەنها جارێك چیە ئەم نەخۆشخانەیەی رانیە كۆمەك نەكراوە...

7- پزیشكێك ئەناسم لە لیژنەی تەفروتوناكردنی باڵندەدایە خەلاتی تەنها 40$دۆلار كراوە ئەو ژیانی لەمەترسی دایە ئەمە بەریشی كی رەوایە؟؟؟؟

8- كەمن لەسەر ریشەكێشكردنی شۆفێنزمی عارەبی نوسیم خێڵی جاشان پەستانی خوێنیان فری بۆ ئاسمان خەسە خولە حەمە ناسراو بەخەسە بەلەسە وحەمەرەش و... هتد ئەوان بەمن ئەڵێن كورد پەرست وناسیۆنالیزم ئێوە خۆتان بریار بدەن ئەوان لەچ بەرەیەكدان؟؟؟

9- یەکگرتووی ئیسلامی دوای زیاد لەشەش ساڵ برینی کولاوەتەوەودۆسیەی دادگای لەسەر نوسەرێك کردۆتەوە کەچی دۆسیەکەی برادەرێکیان بەئاسنی داخراوەوکەسیش فزە لەزمانیەوە نایەت!!

10- سایتە ئەنتی نەتەوەییەکان بەنوسینی نەتەوەیی هەراسان ئەبن، هاوبیرێك بابەتێکی بۆ نوسیون ووتویانە هەڵمی کوردایەتی شەستەکانی لی هەڵئەسی!!!

11- بەرلەهەڵبژاردن برادەرێك هاتە ناوجەماوەرەە ئەو لەپیاوە دیارەکانی ناودەسەڵاتەوبەراست ئەڵێن فریشتەی دەسەڵاتە دوای هەڵبژاردن سفر هیچ بەدەستەوە...

12- گەورەترین تاوان کەراپەرین کردی ئەوە بوو لافاوی خوێنی بە شەرابی ئەودنیا قەرەبوو کردەوە خێڵی جاشان لێیان بوردرا لەوەش خراپتر بی شەرمەکان ئەڵێن جاشان راپەرینیان کرد ئاخر هەرجاش نەبوو ئەنفالی کرد؟؟!!

2006/2/17

---